# ڕۆژی گەل

١٥ی ئاب 1993

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە ١–٧– ٢٠٠٠ بڵاوبۆتەوە...**ژمارە** 245 **یەکشەممە** 15- ٠٨- ٢٠١٠


# شکۆدار بێ ١٥ی ئاب ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی ڕزگاری

١٥-٨-١٩٩٣ دەستەیەک کادری ناو دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتنی کوردستان بڕیاریاندا کە درێژە بە تێکۆشانی سەربەخۆخوازانەی خۆیان بدەن، بەوهۆیەوە حزبی ڕزگاریی کوردستانیان ڕاگەیاند؛ لەو ڕۆژەوە تا ئێستا حزبی ڕزگاری وەک حزبێکی نیشتمانی دیموکراتی پێشکەوتنخواز درێژەی بە خەبات داوەو لە پێناو نیشتمانێکی سەربەخۆو کۆمەڵگەیەکی بەختەوەردا تێکۆشاوە. بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی باشووری کوردستانیش، یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی بوو کە دروشمی بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆمی بەرزکردەوە.

حزبی ڕزگاری لە تەمەنی تێکۆشانی خۆیدا سێ کۆنگرەی پێکهێناوە، یەکەمین کۆنگرە لە ڕۆژانی ١٥تا ١٨-١١-١٩٩٥ بەبەشداری ٨٩ نوێنەر لە شاری هەولێر پێکهات. دووەمین کۆنگرە لە ١٤و١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ بە بەشداری ٥٠ کادر لە شاری سلێمانی پێکهات، هەروەها سێهەمین کۆنگرەش لە ڕۆژانی ٢٥-١٢-٢٠٠٩ و ١-١-٢٠١٠ بە بە شداری ٩٧ نوێنەر لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

حزبی ڕزگاریی کوردستان لە ڕۆژی ٢٤-٦-١٩٩٥ مۆڵەتی کارکردنی لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووەو زۆر ڕاشکاوانەش پارێزگاری و داکۆکی لە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا کردوە، بەوهۆیەشەوە بەهیچ شێوەیەک بەشداری لە شەری براکوژیدا نەکردوە.سەبارەت بەو بۆنەیەوە ڕاگەیاندراوێک لە لاپەرە ٣ دا بخوێنەوە.

## ئەوەی کێشەی کورد چارە بکات، دەبێ بە ماندێلا



**دێسمۆند توتو** خاوەنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لە نامەیەکدا کە بۆ ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیای ڕەوانە کردوە، لێیخواستوە کە کێشەی کورد بە ڕێی ئاشتیانە چارەسەر بکات، چونکە کێ کێشەی کورد چارەسەر بکات، دەبێتە ماندێلایێکی دیکە.

توتو لە نامەکەیەدا سەبارەت بە پرسی کورد گوتویەتی: دەکرێ بە ڕێی ئاشتیانە و دانوستاندن کێشەی کورد چارەسەر بکرێ.

توتو لە درێژەی نامەکەیدا نووسیویەتی:' مردنی لاوان لە هەردوولا ئێمە خەمگین دەکات. ئێمەش لە ئەزموونی خۆمان دەزانین کە هیچ کەس لە شەڕێکی بەو جۆرەدا سەرکەوتوو نابێ، بۆیە تکا دەکەم ئێوە پۆست و دەستەڵاتی خۆتان بۆ کۆتا کردنی شەڕ دەکار بکەن. ئەو ڕەوشە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەبێتە ئەزموون و لە مێژووشدا هاوکاری ئێوە بە بیر دێتەوە، چۆن نیسلۆن ماندێلا بەشێوەی ئاشتیانە پێداگری لەسەر کێشەی باشووری ئەفریقادا کردو بە زیندووی دەمێنێتەوە، ئەگەر وا بکەن ئێوەش هەمان شانازی مێژووتان پێدەبڕێ.

دێسمۆند توتو لە نامەکەیدا دەستنیشان دەکات کە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئەفریقای باشوور بۆ ئەو مەبەستە دەتوانێ هاوکاری تورکیا بکات.

نامەکەی دێسمۆند توتو گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە توتو خاوەنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل و ئەندامی گرووپی 'The Elders'ە کە کەسایەتی وەک 'نیلسۆن ماندێلا، کۆفی ئەنان و ژیمی کارتێر'ی تێدا ئەندامن. توتو قەشەیێکی ناسراوی باشووری ئەفریقایەو وەک مرۆڤێکی خزمەتگوزار ناودارە.

## پەکەکە ئاگربڕ ڕادەگەیەنێ

پارتی کرێکارانی کوردستان جارێکی دیکەش ئاگربڕی یەکلایەنەی ڕاگەیاند، لە ١٣ی ئاب دەستی پێکردو تا ٢٠ی ئەیلول درێژەی دەبێ.

ئاگربڕی ئەمجارەیان بەبۆنەی ساڵیادی ١٥ی ئاب، ساڵڕۆژی دەستپێکردنی شۆرشی چەکداریە لە باکووری کوردستانەوە بە چوار مەرج ڕاگەیەندراوە.

مەرجەکانی پارتی کرێکاران بۆ ئاگربڕ بریتین لە:

دەبێ سوپای تورکیا ئۆپەرسیۆنەکانی خۆی ڕابگرێ. ئەندامانی کۆمیتەی ئاشتی کە ١٧٠٠ کەسن و بەبێ هۆ گیراون، دەبێ ئازاد بکرێن.

بۆ ئەوەی ئۆجەلان چالاکانە بەشداری پرۆسەی ئاشتی ببێ، دەبێ مەرج دیاری بکرێن. هەروەها مەرجی ١٠% هەڵبژاردن کە لە وڵاتانی دیموکراسیدا بوونیان نیە لا بدرێ.

بێگومان تورکیا بەو مەرجانە ڕازی نابێ.

## ڕۆژەڤ

سەرەنجام دەبێ لیستە براوەکانی عێراق ڕێکبکەون و کابینەی نوی پێکبهێنن، هەرچەندە هێشتا کێشەکان یەکلایی نەبونەتەوەو عێراق لە قەیران و تەنگژەدا دەژی، بەڵام چونکە بواری هەڵبژاردنەوە نیە، ئاکام دەبێ هاوپەیمانێتی بکرێ و پاڵێوراوێک پەسند بکەن.

کوردستانیان دەزانن کە پۆستی سەرۆکوەزیران بۆ عەرەب دەبێ، لەو سۆنگەیەوە دەبێ هەوڵبدات کە پشتیوانی لە کەسێکی گونجاو بکات، پۆستی سەرۆک وەزیران لەنێوان کاندیدەکانی ئیئتلافی ئەلعێراقیە، نیشتمانی عێراقی و دەوڵەتی یاسادا هەڵدەبژێردرێ، بەوهۆیەوە دەبێ بیر لە باشترینیان بکەینەوەو پشتیوانی لێبکەین.

لیستی ئەلعێراقیە کە بەلیستی سوننەکان ناسراوە، کەسانی ناحەز بە کوردی تێدایە، لە هاوپەیمانێتی بەرەی تورکمانی و حزبی ئیسلامی و کۆنە بەعسیەکان پێکهاتوە، بۆیە پشتیوانیکردن لە کاندیدی ئەو لیستە بە زیانی کوردستانیان تەواو دەبێ، هەروەها لە هەڵبژاردنی کاندیدی ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا یا ئیئتلافی نیشتمانی عێراقی پێویستمان بە خوێندنەوەی ڕابردووی کاندیدەکە هەیە، ئەگەرچی ئاماژەکان پێمان دەڵێن یەکێک لە ئەندامانی ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا کاندید دەکرێ، بەڵام دیسانیشەوە وردبینی زۆرتری دەوێ، گەرەکە لە پێشەکیدا مەرجەکانی کوردستانیان پەسند بکات، لەپێش هەمووشیانەوە پێبەندبون بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورو ئاسانکاری کردن بۆ بەڕێوەبەردنی ڕیفراندۆم لە پارێزگاری کەرکوک.


**پاشخانی**
کەسانی ناحەز بە حزبی ڕزگاری ئاشکرا دەکەین
ل٣

**وشەکانمان**
لە پێوەند بە ساڵیادی ڕاگەیاندنی ڕزگاری
ل٤

**پرسی**
کەرکوک کلیکی چارەسەری کێشەکانی عێراقە
ل٥

**بازنەی**
گوشارەکانی سەر تورکیا توند دەکرێن
ل٦